# ڕۆژنامەی ( کوردستانی نوێ ) ڕۆژنامەیەکی پاك و خاوێنە !

ڕزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، لەم ڕۆژانە نووسینێکی کورتی لە سەر سایتە کوردیەکان بلاوکردەوە ، لەم نووسینە سایتە کوردیەکان بێ سێ و دوو ، هەر هەمووی بە زبلخانە نێو دەبرێ ، من لە لام سەیر نەبوو کابرای نووسەر بەم فەرهەنگە نزمە تەعبیر لە خۆی بکا ، ڕاستیەکەی نانی ئەو نووسەرەو زۆر کەسی تری لە بابەتی ئەو لە پیادە کردنی ئەم جۆرە لە فەرهەنگە دایە ،بەلام کوردستانی نوێ بۆ ڕێگا بەم نووسینە دەدا ، بلاو بکرێتەوە ، ئەوا زۆر هۆ هەیە کە دەست نیشان بکەین کە من لێرەدا بەکورتی دەچمە سەری :-

1- حیکمەتێکی کۆن هەیە ، ئەم حیکەمەتە دەڵێ (( کاتێ کەشتیەك کون دەبێ ، یەکەم جار مشکەکان ی نێو ئەم کەشتیە هەست بە ترسی چارەنووس و غەرق بوون دەکەن )) بۆ من کوردستانی نوێ و ڕاگەیاندنە حیزبییەکان بولبولە خۆش خوانەکانی دەسەلات لە بابەتی ئەم نووسەرە ، هەموویان بە ئاستی جیاواز هاوبەشی ترسێکن ، ترس لەو دونیا بێ سانسۆرەی لە دەرەوەی دەسەلاتی ئەوان ، لە دەرەوەی مەفرەزەکانی پۆلیسی سیاسی ئەوان دروست دەبێ ، ئەم ترسە تەنیا کوردستانی نوێ ناگرێتەوە ، ڕۆژنامەکانی ( بەشار ئەسەد) و( حوسنی موبارەك ) و ( مەلیك فەهد ) و تاد دەگرێتەوە ، ئەنتەرنێت ، ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی ، دونیایەکە بە سەر هەموو جۆرێك لە سیستەمە داخراوەکان باز دەدا و دەبێتە پەنجەرەیەك کە مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە دوور لە دەسەلاتی ڕژێم و سیستەمە داخراوەکان ، دوور لە کۆت و بەندی وەرگرتنی مەعاشی حیزب بە شێوەیەك و پرەنسیبێکی جیاواز کەسەکان مومارەسەی مافی دیموکراتیانەی خۆیان دەکەن .

2- نووسینی خراپ ، بابەتی پڕ لە قسەی ناشیرین ، زۆر شتی تریش لە ئەنتەرنێت بلاو دەکرێتەوە ، بەلام ئەم دیاردەیە هەرگیز بە دەرکردنی فەتوای ئیعلامی لە بابەتی ( سایتەکان زبلخانەن ) چارەسەر نابێ ، یەکێك لە دیماگۆجیەتی ئەم حوکمە گشتی و منالانەیە ، دەست نیشان نەکردنە ، سایتە کوردیەکان بە قەدەر خاڵە هاوبەشەکانی خۆیان ، بە چەند ئسولێکی بنەڕەتی شێوەی بەڕێوەبەردن ، نەوعیەتی هەلوێست ونووسەرەکان و ئاسۆی بابەتەکانیش لە یەکتر جیا دەکرێنەوە ، بەلام نە ئەو نووسەرە ، نە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ نیگەرانی چارەسەر کردنی ئەم دیاردەیە نین ، چونکە ئەم دیاردە سەلبیە دەرفەتی ئەوەیان پێ دەدا ، هێرش بکەنە سەر دەیان نووسین و ڕەخنەی ئەکادیمی کە لە دونیای دەرەوەی ئەوان لە کەشتیەکەیان دەگیرێ ، ئەگەر ئەم نووسەرە ڕاستگۆ بووایە ، دەچووە سەر ئەرشیفی کوردستانی نوێ لە سەردەمی دوا شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتی پارتی ، ئەگەر ڕاستگۆ بووایە ئەوەندە بە تەنگ دۆزینەوەی

**زبڵخانەیە ، با موراجەعەیەکی ئەرشیفی تەلەفزیۆن و میدیای دەسەلاتی کردبا لە سەردەمی شەڕی ناوخۆ ، ئەو کاتە بۆی دەردەکەوت زبڵخانەی ئەوان تەنیا نووسین نیە ، سوتانە کوشتن و بڕینە ، بێ شەرمیە .**

**3- نیگەرانی( کوردستانی نوێ) بوعدێکی تری لە ئەمڕۆدا نییە ، بەڵکو لە ئایندەی کۆمەڵگای کوردستان و ئاوێتە بوونی کۆمەڵگای کوردستانە بەم دیاردە جیهانیە ، هێشتا ئەنجامەکانی ئەم ئاوێتە بوونە نەگەیشتۆتە ئاستی بەرزترو کاریگەرتر ، بەیانی کە سێرڤیسی ئەنتەرنێت لە کوردستان ، هەرزانتر بوو ، ژمارەیەکی زۆر زیاتر لە خەڵکی کوردستان لە باری بوونی پارەو توانای کڕینی کۆمپیوتەر بەهرەمەند بوون ، ئەو کاتە ئەبینین ئەنتەرنێت چۆن کاریگەری ڕاستوخۆ دادەنێ لە شکل گرتنی ڕای گشتی لە کوردستان ، ئەو کاتە رەت کردنەوەی مۆنۆپۆلی دەسەلات ، تەنیا لە سەرخانی فیکرو ڕەخنەو نوسین نامێنێتەوە ، بەڵکو دەبێتە دەنگی سێیەم و سەربەخۆی خەڵك ، ئەو دەمە تەنیا دوو ڕێگا لە بەردەم دەسەلات دەمێنێتەوەو سێیەمی نییە ، یان ئەوەتا دەسەلاتی سیاسی لە کوردستان مل دەدا بە تەوژمێکی دیموکراتیتر لە خەونەکانی پاوان خوازی خۆی ، یان لە شەڕێکی دۆن کیشۆتیدا فەرمان دەردەکا بۆ مشکەکان کە هەرچی هێڵ و کێبلی ئەتنەرنێتی شارە هەر هەمووی بقرتێنن .**

2005/5/22